# له ژێر "كڵاو"ەكەی فەرهاد سەنگاویدا

بەكر ئەحمەد
baker.ahmed@comhem.se

"شۆڕشی تاك, شۆڕشی پاك", ناونیشانی سیدییەكی فەرهاد سەنگاوییە. لە بەشێك لە ماڵپەڕە كوردییەكاندا نووسراوە:" سی دی فەرهاد سەنگاوی دژی حكومەتی هەرێم", هەر ئەم خەسڵەتی دژی حكومەتبوونەیەتی, من واداری گوێبیستی ئەم سی دییە دەكات. ئەمە نەك بە مانانی ئاشقبوونی من بۆ دژی حكومەتبوونێكی كوێرانە, بەڵكو كەسی ناوبراو, هەتا ئێستاش یەكێك لەو دەنگە مێدیاییانەیە كە شار بانگدەكاتەوە باوەشی دێ و ئەمڕۆش بۆ باوەشی دوێنێ. زەمەنێكی زۆر دوور نییە كە بۆ هەڵبژاردنەكانی عێراق, هەمان دەنگ و هەمان حەماسەی خەباتی شاخ, بانگەوازی من و كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانی دەكرد, بچینە پشت "دوژمنەكان"ی ئەمڕۆی فەرهاد سەنگاوییەوە. ئەگەرچی بەكارهێنانی دەستەواژەی " دوژمن", پاش گوێگرتن لە سی دییەكە, وەك بەكارهێنانێكی چەواشەكارانە دێتەبەرگوێ.

با گوزەرێكی كورت بە ناو بەشەكانی ئەم سی دییەدا بكەین. لە بەشی یەكەمەوە تا كۆتایی, گوێگر لەبەردەم ئەو دژایەتییە گەورەدا دەمێنێتەوە كە پەیامی( نەخۆت خۆمم, نە خۆم خۆتم) دەیەوێت بیدركێنێت. فەرهاد لەم سیدییەدا, نەك هەر رەئی شەخسی خۆی دەردەبڕێت, بەڵكە بەسەریشتدا فەرزیدەكات.
"خۆڕێكخستن لەسەر رێبازی لیبراڵ دیموكرات" رەچەتەی ئەو هاتوهاواری تاكپەرستی و تاكگەراییەی فەرهادە كە وەك ئیلهامێكی تازە, بۆی هاتووەتە خوارەوە. "تا تاك ئازاد نەبێت, كەس ئازاد نابێت". بۆیەش بانگەوازی لاوانی كورد دەكات ببنە "پیاوە ئاسنین"ەكەی نەوەی مارگریت تاتچەر. بەڵام بانگەوازی "تاكپەروەری و تاكپارێزی و تاكهاندەری", هێندە برِدەكات كە پەخشانێكی رِازاوەی لە شاخەوە دابەزیوی, بۆ ناو دۆڵ بێت نەك بۆ شار. ئاخر كاتێك ئەم تاكە نایەوێت بە شوێن كەركوكەكەی فەرهاد سەنگاویدا كە بۆوەرگرتنەوەی دەبێ وەك شێخ یاسینی كۆنە سەركردەی حەماس جولەكە بخاتە دەریای ناوەڕاستەوە, ناڕوات و دەڵێ: من دەكرێ دیدێكی تر و جیاوازترم بۆ كەركوگ هەبێت, ئەوا فەرهاد سەنگاوی, دەسرِێژێك وشەی گرِداری بە سەردا دەتەقێنێت و دەبێژێ: (كوردستانی ئێمە هەر تۆی, گۆڕستانی ئێمە هەر تۆی, كە تۆش نەبی , شەرمە هەبین."

ئەوەی كە گومان لای من دروستدەكات لە پەیوەند بە "نالیبراڵبوون"ی فەرهاد و ئەو هێڵە فیكرییەی دەم لە لیبراڵبوون دەكوتێ لە كوردستاندا, ئەو باڵادەستییە گەورەیەی ناسیونالیزمە لە ناو قسەكەرانی ئەم رەوتەدا. ئەگەرچی من دڵنییام كە لیبرالیزم لە كوردستاندا , بە بوونی لەشكرێكی گەورە لە خوێندەوارانی دەرەوەی وڵاتیش كە گلەیی و گازندەكانییان لە دەسەلاتی رِەسمی ناسیونالیزمی كوردی, ناچارییاندەكات

بەرگێکی لیبرالانە لەبەربکەن, مانەوەی قودسە گەورەکانی ناسیونالیزمە بۆ لیبراڵەکانی کوردستان. ئاخر ناکرێ تۆ ئیسلامی سیاسی بیت و مارکسیست بیت, ناکرێ ناسیونالیزمێکی سەلەفی بیت و دەم لە لیبراڵبوون بکوتیت. بانگەوازی "تاکپەروەری و تاکپارێزی و تاکهاندەری " سەنگاوی لە کوێی هاوکێشەی "گەر کەرکوك نەبێت, شەرمە هەبین"دا جێیدەبێتەوە. کوا ئەو تاکە داماوەی دەوێرێت بڵێ: هیچ شەرمەزارییەك نییە ئەگەر لە پرسیاری "تۆڵەبەزەبرەی" سەنگاویدا, شەریك نەبم.

لیبرالیزم, بەها موقەدەسەکانی خۆی هەیە, چۆن ناسیونالیزمیش قودسەکانی خۆی هەیە. بەڵام لە نێوان سەنترالە موقەدەسەکانی ئەم دوو ڕەوتە فیکرییەدا, ئاسمان و ڕێسمانێکی گەورە هەیە. ناکرێ تۆ تاکپەروەری قبوڵبکەیت و هاوکاتیش دەرفەتێك بۆ تاك نەهێڵیتەوە وەك تاك بژی. بەڵکو تاوانی شەرمەزاربوون لە ژیانی بەناوچەوانەوە هەڵبواسیت, ئەگەر بۆ موقەدەسەکەی تۆ تێنەکۆشێت.

ئەگەر دەنگی تاکپەروەری و تاکپارێزی و تاکهاندەری , جێگایەکی لە هاتوهاواری سەنگاویدا هەبایە, "زووکەن, زووکەن, خوێن دەڵێ" ئاسان نەدەهاتە سەر کاغەز. بەر لەوەی خوێن هاوارکات بۆ کەرکوك, جێگایەك بۆ هەمەڕەنگی دەبوایە بوونی بوایە. بەڵام بەوەی تاکپەروەرییەکەی سەنگاوی تەنها ماکیاجێکی تەزویرە, دەنگی تاکەکانی دیکەی ناو شاری کەرکوك, نابیسترێن و لەگەڵ ئەم جیهادە تازەیەی سەنگاویدا, دەبێ یان پاکبکرێتەوە, یان شاربەدەربکرێن.

پەیامی سەنگاوی لەم سی دییە نوێەدا, پەیامێکی لیبرالانە نییە, بەڵکو تا سەر ئێسقان ناسیونالیزمێکی بە خوێن تینووی لە چەشنی ناسیونالیزمی بەعسە. ڕەخنەگری دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد نییە, بەڵکو پرۆژەی بە دڕندانەترکردنی ناسیونالیزمی کوردە. ئاخر نەك هەر لە چوارچێوە یاسایی و ترادیسیۆنەییەکانی ناسیونالیزمی کوردناچێتە دەرەوە, بەڵکو دەنگهەڵبڕینێکی ناو هەمان خێزانی سیاسییە. توڕەبوونێکی نەوەیەکی ملکەچی باوکە نەك بۆ گۆڕین و لە گۆڕنانی دەسەڵاتی باوك, بەڵکو ئامۆژگاریکردنی باوکی خێزانە کە دەکرێ کەمێك واوەتر بچێت.

بەبڕوای من, دەسەڵاتی ڕەسمی ناسیونالیزمی کورد, هێندەی قازانج لەم سی دییە دەکات, بە موو نایڕەنجێنێ. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆششە ئامانجدارانەیەی کە دەسەڵاتی کوردی بۆ خولڤاندنی ئۆپۆزسیۆنی خۆی, هەمیشە دەبێ لە ناو ریزەکانی خۆیەوە, کەسانێك پەیدا بکات تا ڕەخنەی لێبگرن. ئەگەر بەرنامەی بەرنامە, پێکەنینی دەسەڵاتە بەخۆی و زیانیش بە پەزەکان ناگەیێنێت, ئەوا:"شۆڕشی تاك, شۆڕشی پاك" , کۆششێکی دیکەیە بۆ پاساوهێنانەوەی ئەوەی
کە :" ئەگەر 140 وا بڕوا" وەك سەنگاوی بە کڵاو ناویدەبات, دەکرێ بەم ئاڕاستەیەشدا بڕوات کە

**سەنگاوی پێشنیاری دەکات. . ئەم پەیامە بە پلەی یەکەم بۆ خەڵکی کوردستان نییە, بە ڵکو بۆ ئەو کەرکوکییانەن کە سەنگاوی ڕووی زمانی لەوانە. ئەگەر زمانێکی ئۆپۆزیسیۆن لەم سی دییەدا هەبێت, هەر لێرەدایە:ئەی دەسەڵاتی کوردی, بۆچی تۆزێك بە حەماسییانەتر قسە ناکەیت؟**